# چەند سەرنجێک لەسەر سەفارەتی عیراقی لە سوێد

کاوە ئەمین

چەند ڕۆژێک پێش گەڕانەوەمان بۆ کوردستان بەنیازیی وەرگرتنی (ڤیزە) چووم بۆ سەفارەتی عیراقی لە ستۆکهۆڵم. ئەگەرچی من ئەوەتەی تێگەیشتووم و ئاقڵم پێشکاوە خۆم بە عیراقی نەزانیووە، ئەوەتا شوکور بۆ خوا ئێستا دەبێت ڤیزەش وەرگرم تا بتوانم سەردانی ئەو وڵاتە بکەم، لێ ئەوەی گرفت بوو بۆم ئەوە بوو کە من دەگەڕامەوە بۆ کوردستان نەک ئەو (عیراقی هیواو ئاشتییەی) کە بووتە وێردی سەرزمانی ڕاگەیاندنی کوردیی. پێشتر دەمزانی کە سەفیری عیراقی کوردەو ناوی کاک ئەحمەد بامەڕنییەو بەرپرسێکی گەورەی یەکێتییە، بۆیە لە خەیاڵی خۆمدا دەمگوت سەیرە! پێش چەند ساڵێک ئەم سەفارەتە نەگریسە جێگای پلاندانان و مۆڵگەیەکی گەورەی جاسووسانی بەعس و عروبە بوو، کەچی ئێستا کوردێک سەفیریەتی و حەتمەن گۆڕانکاریی زۆری تێدا کراوە، ئاخر شالیاری دەرەوەی عیراقیش کوردە.

ئەگەرچی ئەو شوێنەی سەفارەتخانەکەی تێدا هەڵکەوتووە، یەکێکە لە شوێنە جوان و خۆشەکانی ستۆکهۆڵم، بەڵام سیستەم هەمان سیستەمی عیراقە و بگرە خراپتریشە، لە ڕاستی دوورناکەومەوە ئەگەر برێم کۆپیەکی دائیرەی تەجنیدی سەردەمی شەڕیی عیراق-ئێرانە. ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر لە هەموو سکەندەناڤیاوە ڕوو دەکەنە سەفارەتخانەی عیراقی بۆ وەرگرتنی ڤیزە، وەرگرتنەوەی پاسپۆرتی عیراقی، کەفالەتنامە و پێداویستی تر. دەرگای سەفارەت داخراوە و بەشێکی زۆر لە وەڵامەکان لە پەنجەرەیەکەوە دەدرێنەوە کە جاربەجارێک کارمەندێک بە خۆیو باوەشێک معامەلەوە دەیکاتەوە و دەبێتە هۆسە. هەمانکات یەکێک لەوانەی کە بەدوای کارێکدا هاتووە بۆ ئەوێ، دەکەوێتە ناونووسین، کە نۆرەی خۆی هات، کەسێکی تر دەبێتە جێگری و ئیتر چەند کاتژمێرک بەو شێوەیە دە کەس دە کەس خەڵک دەچنە ژوورەو، کورد وتەنی ئاشی نەزانە و خوا دەیگێڕێ.

کە پاش پاڵەپەستۆیەکی زۆر دەگەیتە ژوورەوە، هێندەی تر سەرودڵت دەگیرێت، ئاخر هەر وێنەیەکی سەددامی کەمە، هەموو شتێک بەزمانی عەرەبی نووسراوە و یەک دانە فۆرم نییە کە بە زمانی کوردی نووسرابێت، کاتێکیش دەپرسیت بۆ بەتەنها بە زمانی عەرەبی فۆرمەکان داڕێژراون، بە زەردەخەنەیەکی درۆزنانەو ئینشااللەیەک دەستخەڕۆت دەکەن کە گوایە لە داهاتوو دا ئەوەش دەکرێت. لە زۆربەی سەفارەتخانەکانی وڵاتانی دنیا، وێنەیەکی پاشا یان سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە هەڵدەواسن، بەڵام چ خەبەرێک لە وێنەی بەڕێز مام جەلال سەرۆککۆماری عێراقی گوایە فیدراڵ نییە.

کارەکانی سەفارەت زۆر بە لەسەرخۆیی جێبەجێ دەکرێن، ئەمە سەرەڕایی ئەوەی کە ڕۆژانە هەڵەی زۆر زەق دەکرێن بۆ نمونە نووسینی کوڕ بە کچ و بە پێچەوانەوە و نووسینی ناوە کوردییەکان بەهەڵە، کە زۆر جار وەک دەڵێن لە سووریا بە هۆی ئەو هەڵانەوە گێچەل بە کوردەکان دەکەن. زۆر جار لێرەو لەوێ بەتایبەتی لەبەردەم سەفارەتخانەکدا گوێ بیستی ئەوە دەبیت کە هەندێک لە کارمەندانی سەفارەتخانەکە فێری بەرتیل خواردن بوون و زۆر گەندەڵی تریش، لە هەمووشی شەرمهێنەر تر ئەوەیە کە هەندێک لە کارمەندەکانی سەفارەتەکان هەر ئەو بەعسیانەن کە پێشتر لە سەردەمی سەددامدا کارمەند بوون.

دیارە ئەمە ڕەوشی سەفارەتێکە کە سەفیرەکەی کوردەو سی ساڵە لە ئەوروپا دەژیی، جا گەلۆ دەبێت سەفارەتخانەکانی تر چۆن بن کە ئاخوندێک یانیش کۆنە بەعسییەک سەفیریەتی؟ لە سوێد حکوومەتی کوردستان بە باڵی سلێمانی و هەولێرییەوە دوو نوێنەرایەتیان هەیە، ئەگەر خوا کردی ڕۆژێک ببنە یەک و گۆڕانکاریان تێدا بکرێت، دەبێت هاووڵاتیانی کوردستان لە ڕێگای ئەو نوێنەرایەتییەوە کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکرێت نەک سەفارەتێک کە زۆرینەی کوردەکان بەهەی خۆیانی نازانن و بەبینی ئاڵای بەعس میزاجی کوردەوارییان تێکدەچێت. ئاخر سەفارەتێک نەتوانێت فۆرمێک بە زمانی کوردی داڕێژێت و بنووسێت، ئەویش لەکوێ لە سوێدێک کە لە ساڵی 1984 وە بە ڕەسمی منداڵانی کورد بۆیان هەیە بە زمانی کوردی بخوێنن، بۆ دەبێت کورد بە هی خۆی بزانێت، با سەفیرەکەشی کورد بێت؟ دەبێت ئەوەش بڵێم، مۆری سەفارەتی عیراقی، نەخشەیەکی عیراقەو دارخورمایەکی سەوزیی تێدا نەخشێنراوە.